بەناوی خوداوەندی بەخشندەی میهرەبان

# تێکۆشان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

بۆ گەیشتنی گەلی کوردستان بە مافە رەواکانی و
رووخانی رژێمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتی و پارلمانی تێدەکۆشین

دەورەی دووهەم، ساڵی بیست و سێهەم، ژمارە «۱۲۷» ٤ی رەزبەری ۲۷۰۷ی کوردی، ۱۳۸٦ی کۆچی خۆری، ۲٦ی سێپتامبری ۲۰۰۷ی زایینی

هاونیشتمانە موسڵمانەکانی کوردستان!
مانگی پیروز و پڕبەرەکەتی ڕەمەزان، هاتنە خوارەوەی قورئانی پیرۆز و مانگی عیبادەت و جیهادی نەفس هاتەوە.هومێد وارین، هاونیشتمانانی کوردی موسڵمان لەگەڵ بەجێ گەیاندنی ڕۆژ و عیبادەت لەو مانگە پیرۆزەدا، لە خەبات و بەربەرەکانێ لە بەرانبەر ڕژیمی ملهوڕی ئاخوندیدا، چالاکانە هەڵسوڕین و لەگەڵ عیبادەت و ڕۆژوگرتن و خواپەرستی، لە قاودانی ڕەفتارە دژی ئیسلامیەکانی ڕژیمی ئاخوندی تێ بکۆشن.

**کومیتەی ناوەندی**

**سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران**

# ڕاگەیێندراوی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لەسەر ساڵی نوێ ی خوێندنی ۱۳۸۷ ـ ۱۳۸٦

خوێندکاران، مامۆستایانی تێکۆشەر، ساڵی نوێ خوێندتان لێ پیرۆزبێ.
بێ‌گومان دوای چەند مانگ دابڕان لە خوێندن و دەرس گوتنەوە و دەست پێ کردنەوەی دەورەییێکی نوێ خوێندن و وانە گوتنەوە هەستێکی تایبەت داتان دەگرێ، و بۆ تێکڕاتان ڕۆژانی سەرەتای خوێندن و کرانەوەی خوێندنگاکان ئاسایی نی یەو چەند ڕۆژی پێ دەچێ تا لەگەڵ وەزعی نوێ ڕادێن. روونە کێشەی مامۆستایان و خوێندکاران لە ئێران و کوردستان، تەنیا ئاسایی نەبوون لەگەڵ وەزع و هەل و مەرجی تازەنیە، مامۆستایان و خوێندکارانی تێکڕای قۆناغەکانی خوێندن لەگەڵ کێشەی گەورە بەرەو ڕوون کێشەی جۆراو جۆری ئەوتۆ کە بە هاتنە سەرکاری ڕژیمی مرۆڤ کوژ و دژبە زانستی ئاخوندەکانەوە باڵی بەسەر ناوەندەکانی خوێندن و تێکڕای ئێراندا کێشاوە. خراپی بەڕێوەبردن و ئیدارە کردن ناتەواوی دەرسەکان و کتێبەکان، نارێکی ی ناوەندەکانی خوێندن و دانشگاکان، چاوەڕکردنەوەی مەئمورانی ڕژیم لە مامۆستایان و خوێندکاران و ئازاردان و گرتنی دەیان مامۆستا و خوێندکار بە بیانووی بەشداری کردن لە کاری سیاسی یان ڕەخنە لە دەسەڵات. چاودێری بەسەر مامۆستایان و خوێندکاران و هەوڵی ڕژیم و دەسەڵات بۆ ئەوەی ناوەندەکانی خوێندن بکەنە جێگەو شوێنی وانە دواکەوتووەکان و بەناو شکۆو گەورەیی خومەینی و ئاخوندەکانی دیکە، ئەوە بە خوێندکاران بڵێنەوە کە پێویستیان نیە ولە زانست و عیلمیان دووریان دەخاتەوە. ئاخرخوێندکاران چ پێویستییێکیان هەیە بە وانەی دواکەوتوو کە کاتیان دەگرێ ولە مەبەستی سەرەکی دووریان دەخاتەوە، بەسیجی دانشجویی و بەسیجی دانش ئاموزی و چەندین دیاردەی دیکەی لەو شێوە، چ پێویستییێکی هەیە و لە کوێ کێشەی خوێندکاران چارەسەر دەکاو چۆن عیلم و مەعریفەت و زانستیان دەخاتە مێشکەوە. بەڕاستی ئەوەی کە خوێندکاران و مامۆستایان و ئوستادان لە ئێراندا توانیویانە ئەنجامی بدەن و بەرەو پێش بچن تەنیا لە هیمەت و خۆڕاگری خۆیانەوەیە دەنا دەسەڵات ئەوەی بۆی کردوون و لە دەستی هاتوە، ڕێگری لەکارو خوێندنی سەردەمیانە و پێش کەوتوو بووە.کاتێك خوێندکاران و مامۆستایانی زانکۆو موعەلیمەکانی مەدرەسەکان، بەبەرچاویانەوە ستەم و جنایەت لەگەڵ خەڵك دەکرێ، لەگەڵ هاوکاران و هاوپۆلەکانیان دەکرێ. کاتێك دەبێ بەزۆر وانەی دواکەوتوانە بڵێنەوە و بخوێنن. کاتێك برسیەتی و هەژاری و بێکاری باڵی بەسەر ئێراندا کێشاوە و هەزاران دەرچووی دانشگاو تەنانەت چەندها دوکتور بێ کارن و دانەمەزراون. کاتێك ئیعتیاد و فەساد کۆمەڵگای ئێرانی گرتۆتەوە. بەڕاستی گرینگە کە مامۆستایان و خوێندکاران بە بوونی ئەو وەزعە حەستەم و نالەبارانەوە دەتوانن درێژە بە خوێندن و وانە گوتنەوە بدەن. وەك ئاشکرایەستەم و بێعەدالەتی باڵی بەسەر ئێراندا کێشاوە و کوردستانیش زیاتر لە هەر شوێنێکی ئێران ستەم و بێ عەداڵەتی ی تێدا پەیڕەو دەکرێ. سەرەڕای بێکاری و گرانی ی تاقەت پڕوکێن بەرپرسانی ڕژیم لە کوردستان هەوڵ دەدەن لاوان و خوێندکاران لە کاری جاسوسی و ناوەندەکانی سەرکوت بئالێنن، جیاواز لەو سیاسەتە، دەسەلاتداران بە

*بۆ لاپەڕەی ٢*

## وریایی دانی فەرانسە لە ئەگەری جەنگ لەگەڵ رژیمی ئێران




برنار کۆشنەر وەزیری دەرەوەی فەرانسە گوتی جیهان دەبێ بۆ ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕ لە سەر گەلاڵە ناوەکەییەکانی ئێران ئامادە بێ.
وەزیری دەرەوەی فەرانسە بە دووپات کردنەوەی ئەوەی کە ووت وێژەکان بۆ چارەسەری هەڵسورانی ناوکەیی رژیمی ئێران تا سەر ناتوانی درێژەی هەبێ، رایگەیاند ئەتومی بوونی ئێران قەبووڵ ناکرێ و لە کاتێکدا کە رژیمی ئێران دەستی بگاتە بۆمبی ئەتومی، ئێمە دەبێ بۆ خراپتر بوونی وەزع ئامادە بین، کە ئەوە دەتوانێ مەترسییێکی جیددی بێ بۆ جیهان.
وەزیری دەرەوەی فەرانسە لە ووت ووێژکەیدا رایگەیاند ئەگەر چی هێرش کردن بۆ سەر ئێران لە ئێستادا بە کردەوە ئەنجام نادرێ، بەڵام بۆ ئێمە ئاساییە کە بۆ هەر رێگە چارەیێك ئامادە بین.
بەرێز کۆشنە زیادی کرد کە داوا لە شیرکەتە گەورە فەرانسەییەکان کراوە لەگەڵ ئێران مەعامەلە نەکەن و بە چەند شیرکەت راگەیندراوە کە نەچنە ناو ئەو گرێ بەست و موناقشانەی کە ئێران رایگەیاندوە.
ناوبراو زیادی کرد کە فەرانسە داوای لە یەکێتی ئورووپا کردوە جیاواز لە ئابلوقەکانی ئەنجومەنی ئاسایش، ئابلوقە بخاتە سەر رژیمی ئێران بۆ ئەوەی بریارنامەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتوەکان جێ بە جێ بکا. هەروەها ئەوەی راگەیاند کە داوایان لە شیرکەتەکانی وەك توتاڵ کردوە تا رێکەوتنی ئابووری نوێ لەگەڵ ئێران ئیمزا نەکەن.

## ڕەخنەی وڵاتی ئارژانتین لە وتەی بەرپرسانی رژیمی ئێران




وڵاتی ئەرژانتین رەخنەی توندی لە رژیمی ئێران گرت و قسەکانی محسن هاروند، کارگێری سەفارەی رژیم لەو وڵاتەی بەقەبوڵ نەکراو ناوهێنا. ئارژانتین و ئێران لە مێژە رژیمی ئاخوندی لە سەر تەقینەوەی ناوەندی جولەکەکان لە بوینس ئایرس تاوانبار دەکا. رەخنەی ئارژانتین لە رژیمی ئێران لە کاتێکدا، باس دەکرێ کە نستورکیرشنر، سەرۆك کۆماری ئارژەنتین بڕیار وایە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بارەی ئێرانەوە قسە بکا. هۆی رەخنەی ئارژەنتین لە سەفیری رژیم لە، قسەکانی ناوبراو بوو کە لە رۆژنامەییکی ئارژەنتینی چاپ کرابوو. بەپێی راپۆرتی ئەو رۆژنامە بهاروند سەرۆك کۆماری ئارژەنتینی ئاگادار کردوەتەوە کە نابێ لە کاتی قسەکردنەکەی لە رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکاندا، ئێران بەوە تاوانبار بکا کە لە تەقینەوەکەی ناوەندی جولەکەکان لە بۆینس ئایرس دەستی بوووە (بەو پێیە). بەهاروەند گوتوویە: ئەوشێوە قسانە لای زۆرێك لە وڵاتان بەومانایە کە ئارژانتین خوازیاری شەڕ دژ بە ئێرانە، لە کۆمەڵگەی گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان گرینگە چونکە وڵاتانی خوازیاری شەڕو دژە شەڕ دەردەکەون. ئارژانتین داوای ئەو بەرپرسانەی رژیم دەکا کە بەباوەری لە تەقینەوکەی ساڵی ۱۹۹٤ دادەستیان هەبووە کە لەو تەقینەوەدا ۸۵ کەس کوژراون.

***

## ڕوونکردنەوەیەك لە دەبیرخانەی ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

ماوەیەکە لە چەند سایتێکی ئینترنێتی لە لایەن چەند کەسەوە بابەتی جیاجیا دەنوسرێ و بەبێ موناسەبەت ناوی سازمانی خەبات دەهێندرێ کە لە هێندێك لەو بابەتانە سازمانی خەبات و ئەندامانی تاوانبار دەکرێن. بە ئاگاداری هەموولاییێکی دەگەیەنین کە سازمانی خەبات لەگەڵ هیچ لایەن و دەستەو جەریانێك کێشەی نیەو حەساسیەتی بەرانبەر بە هیچ کەس و دەستەو جەریانێك نیە ئەگەر هەر ڕوونکردنەوەیێکی هەبێ بە ئاشکرا ڕای دەگەیێنێ. سازمانی خەبات ئەندامان و پێشمەرگەکانی بۆ چالاکی سیاسی زیاتر بەمەبەستی بەرەو پێش بردنی سازمان و جوڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە بەرانبەر ڕژیمی سەرەڕۆی ئاخوندی هان دەدا. ئەندامان و پێشمەرگە و لایەنگرانی سازمانی خەبات بەپێی ڕێنوێنیە تەشکیلاتیەکان لە کاری حاشیەیی و بێ کەڵك دوورن و خۆیان لەگەڵ کێشەی بێ کەڵك تێکەڵ ناکەن. هەربۆیە ئەو کەسانەی لە سایتە ئینتێرنێتیەکاندا بابەت و نووسین و بۆچونی جۆراو جۆربڵاو دەکەنەوە و بە نەوعێك ناوی سازمانی تێدا بەکار دەبەن پەیوەندیان بە سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێرانەوە نیە و بەو کارەیان مەبەستیانە زیان بە سازمان بگەیێنن.

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران
دەبیرخانەی ناوەندی
۲۰ی خەرمانانی ۱۳۸٦

***

## بۆ چارەسەری بەرنامەی ئەتۆمی ئێران هەموو ڕێگەچارەکان لە سەر مێزن




رابرت گیتس وەزیری بەرگری ئەمریکا دەڵێ: ئەمریکا بۆ چارەسەری مەسەلەی ئەتۆمی ئێران، رێگەی دیپلۆماتیك و ئابووری بە کار دێنێ. لە هەمان کاتدا رێگەکانی دیکەش لە سەر مێزن.
رابرت گیتس لە ووتوێژ لەگەڵ کاناڵی تەلویزیونی (فاکس نیوز)ی ئەمریکا وتی: ئێمە هەمیشە گوتوومانە کە هەموو رێگەکان لە سەر مێزن بەڵام روونە کە رێگەی دیپلۆماتیك و ئابووری لە دەستووری کارماندایە.
کاناڵی فاکس نیوز لە رابرت گیتس دەپرسێ کە ئایا جورج بووش سەرۆك کۆماری ئەمریکا پێش ئەوەی هێرش بکرێتە سەر ئێران، ئیزن لە کونگرە وەر دەگرێ؟
وەزیری بەرگری ئەمریکا لە وەڵام دا وتی: لە بارەی ئەوەی چی دەبێ و چی نابێ قسە ناکەم.
ناوبراو زیادی کرد من بە ئێوە دەڵێم کە بە بۆچوونی دەوڵەتی ئەمریکا، لەو پێوەندیەدا دەبێ هەوڵ بدەین و بتوانین هەڕەشە و کێشەی ئێران لە رێگەی دیپلۆماتیك کە رێگەیێکی گونجاوە چارەسەر بکەین.
گیتس لە هەمان کاتدا ئەوەی دووپات کردەوە کە هەموو رێگەکان لە بارەی ئێرانەوە لە سەر مێزن.